# پوختەی ژیاننامەی
# "کەلیموڵڵا" موسای کوڕی عیمران ﷺ


لە کۆکردنەوەی هەژار بۆ لێخۆشبوونی خوا:

**هەیسەم بن محمد سەرحان**

مامۆستا لە پەیمانگای حەرەم لە مزگەوتی پێغەمبەری خودا –لەپێشاندا-
و سەرپەرشتیاری پەیمانگای سوننە



https://mahadsunnah.com/

خودا لە خۆی و دایك و باوکی و هەرکەسێك یارمەتیدەری
بووە بۆ دەرهێنانی ئەم کتێبە خۆش بێت

**چاپی یەکەم**



مافەکانی چاپکردن بەردەستە بۆ هەموو مسوڵمانێك بەبێ هیچ
گۆڕانکاریەك لە ناوەڕۆکدا

# موسا کەلیموڵڵا ﷺ:

| | |
|---|---|
| **ناو:** | موسا، و واتە: دەرهێنراو لە ئاو. |
| **ناوی باوك:** | عیمران، کە ئەویش لە نەوەی یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمە. |
| **ناوی براکەی:** | هارون، لە دوای موسا نێردرا تاکو پشتی قایم بکات و ببێتە پاڵپشتێک بۆی، و ئەوەش بە شەفاعەتی موسا بوو بۆی لای خودا. |

یوسف نەوەکانی ئیسرائیل –کەئەویش یەعقوبە- هێنابووە نێو میسرِ، جا کاتێک یوسف وەفاتی کرد خەڵکەکەی فیرعەون خراپترین ئازاریان پێدان، بۆیە خوداش موسا و هارونی نارد بۆ بەنی ئیسرائیل و بۆ فیرعەون و گەلەکەی، پاشان لەدوای ئەوان خودا لەوانەی ناوی بردوون بۆمان لە قورئاندا، داود و سولەیمانی بۆ ناردن.

| | |
|---|---|
| **ناوی خزمەتکارەکەی:** | یوشەعی کوڕی نون، و لەدوای مردنی موسا و هارون بووە پێغەمبەر. |
| **ناوی ماموّستاکەی:** | "الخضر"، و ڕاکان جیاوازە کە ئایە پێغەمبەرە یاخود پیاوچاکێکە. |
| **نازناوەکەی و هەندێك لەوەی پێی تایبەتمەند بووە:** | **کەلیموڵڵا،** خودای گەورە تایبەتی کردووە بە فەزڵ و چاکەیەکی مەزن کە کەسی پێ تایبەت نەکردووە، کە قسەکردنی لەگەڵ خوا لەسەر زەویەوە بەدەستهێنا، ئەوەش بۆ داناییەکی گەورە کە جگە لەخودا کەس نایزانێت، هەربۆیە ناونراوە موسا کەلیموڵڵا، خودای گەورە ڕێزی لێنا و لەسەرووی حەوت ئاسمانەوە بە قسەکردنێکی ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ کرد بەبێ وەحی یاخود نێوەندێکی مرۆیی وەکو ئەودوای پێغەمبەران و نێردراوان، و ئەو **یەکێکە لە "ئولو ئەلعەزم"، و "هەڵبژێردراوە"،** ﴿وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهٗا ٦٩﴾ {الأحزاب}، واتە: **ڕێزو خاتری لای پەروەردگاری هەیە،** حەسەنی بەسری دەفەرموێت: (لەلای خودا **دوعاکانی وەڵامدراوە بوون**). و ئەو کەسەیە کە **خودا بۆی خۆی دروستی کردووە،** فەرموویەتی: ﴿ثُمَّ جِئۡتَ عَلَىٰ قَدَرٖ يَٰمُوسَىٰ ٤٠ وَٱصۡطَنَعۡتُكَ لِنَفۡسِي ٤١﴾ {طه}. |

| | |
|---|---|
| ناوی دوژمنەکەی: | فیرعەون، کە ئەویش ڕەمسیسی دووەمە لەوەی کە مێژوونووسان باسی دەکەن، و وەزیرەکەی: ناوی (هامان)ـە ، ﴿ إِنَّ فِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا كَانُواْ خَٰطِـِٔينَ ٨ ﴾ القصص}. |
| ناوی کتێبەکەی: | تەورات، و سوحوف، و ڕاکان جیاوازە کە ئاخۆ دوو کتێبن یان دوو ناون بۆ یەک کتێب. |
| لەدایکبوون و مردنی: | لە میسر لەدایک بووە، و لە "الطور" وەفاتی کردووە. |
| پیشەی: | شوانی مەڕومالاتی دەکرد. |
| ناوی بەخێوکارەکەی: | ئاسیە، کە هاوسەری فیرعەون بوو. |
| نیشانەکانی: | زۆرترین نیشانەی هەیە لە دوای پێغەمبەرمان لەنێو پێغەمبەراندا. |
| شوێنەکەی: | لە ئاسمانی شەشەم؛ هەروەک لە فەرموودە "متفق علیه"ـەکەی ئەنەسدا هاتووە. |
| دارەکە: | دارێکی هەڵدەگرت، هۆکاری ئەوەشی ڕوونکردەوە بە: ﴿ قَالَ هِيَ عَصَايَ أَتَوَكَّؤُاْ عَلَيۡهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِي وَلِيَ فِيهَا مَـَٔارِبُ أُخۡرَىٰ ١٨ ﴾ طه}. |
| ئاینەکەی: | موسا عليه السلام ئاینی یەهودیەتی نەهێنا، بەڵکو **ئیسلامی هێنا** بە تێگەیشتنە گشتیەکەی کە واتە: **(ملکەچبوون تەنها بۆ خودا)؛** جا ئەوە ئاینی هەموو پێغەمبەرانە هەر لە نوحەوە تاکو محمد، خودای گەورە دەربارەی ئیبراهیم فەرموویەتی: ﴿ مَا كَانَ إِبۡرَٰهِيمُ يَهُودِيّٗا وَلَا نَصۡرَانِيّٗا وَلَٰكِن كَانَ **حَنِيفٗا مُّسۡلِمٗا** وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ٦٧ ﴾ آل عمران: ٦٧ }، و دەربارەی موسا فەرموویەتی: ﴿ وَقَالَ مُوسَىٰ يَٰقَوۡمِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ فَعَلَيۡهِ تَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم **مُّسۡلِمِينَ** ٨٤ ﴾ یونس: ٨٤ }، بەو پێیەش ئاینی یەهودیەت ئاینێکی باتڵی گۆڕاوە لەو ئاینە ڕاستەی موسا هێنای. هۆکاری ناونای بە یەهودیەت: شوێنکەوتوانی نێونران بە یەهودی یان بەهۆی وتنیان: ﴿ إِنَّا هُدۡنَآ إِلَيۡكَۚ ﴾ الأعراف: ١٥٦ }، واتە: تەوبەمان کرد و گەڕاینەوە، یاخود بەناوی یەهوذاوە، کوڕە گەورەی یەعقوب عليه السلام. |

| | |
|---|---|
| سیاقی چیرۆکەکەی لەگەڵ دایکی: | باسی سیاقی چیرۆکەکەی بەتەواوی نەهاتووە تەنها لە سورەتی قصص ـدا نەبێت، لەوێ کە خودا دەفەرموێت: ﴿ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَرۡضِعِيهِۖ ﴾ القصص: ٧ } تاکو ﴿فَرَدَدۡنَٰهُ إِلَىٰٓ أُمِّهِۦ كَيۡ تَقَرَّ عَيۡنُهَا وَلَا تَحۡزَنَ وَلِتَعۡلَمَ أَنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ١٣ ﴾ القصص: ١٣ }. |
| نیشانەکانی نۆ دانەن: | خودا فەرموویەتی: ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَىٰ تِسۡعَ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖۖ ﴾ الإسراء: ١٠١ }، و نیشانەکان بە درێژی هاتوون لە قورئاندا:<br>١. دارەکە: ﴿ فَأَلۡقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعۡبَانٞ مُّبِينٞ ١٠٧ ﴾ الأعراف: ١٠٧ }.<br>٢. دەستی : ﴿ وَنَزَعَ يَدَهُۥ فَإِذَا هِيَ بَيۡضَآءُ لِلنَّٰظِرِينَ ١٠٨ ﴾ الأعراف: ١٠٨ }.<br>٣. زمان: ﴿ وَٱحۡلُلۡ عُقۡدَةٗ مِّن لِّسَانِي ٢٧ يَفۡقَهُواْ قَوۡلِي ٢٨ ﴾ طه: ٢٧ - ٢٨ }، جا خودا ئەم گرێیەی پێدا تاکو ببێتە نیشانەیەک بۆی.<br>٤. ڕێگاکەی بە دەریادا: ﴿ فَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱضۡرِب بِّعَصَاكَ ٱلۡبَحۡرَۖ فَٱنفَلَقَ ﴾ الشعراء: ٦٣ }.<br>٥-٩: زریان و کوللە و ئەسپێ و بۆق و خوێن: ﴿ فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلطُّوفَانَ وَٱلۡجَرَادَ وَٱلۡقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَٰتٖ مُّفَصَّلَٰتٖ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ وَكَانُواْ قَوۡمٗا مُّجۡرِمِينَ ١٣٣ ﴾ الأعراف: ١٣٣ }. |
| لە تایبەتمەندیە خەلقیەکانی: | پێغەمبەری خوا وەسفی دەکات و دەفەرموێت: ((ئەو شەوەی شەورەویم پێکرا موسم بینی ، پیاوێکی زۆر ئەسمەری بالآبەرزی قژلوول بوو ، وکو پیاوانی هۆزی (شەنوئە)). الآدم: زۆر ئەسمەر، الجعد: قژ لوول، الطوال: بالآبەرز.<br>ئەمانەش لە تایبەتمەندیەکانی هێز و دەسەڵاتن، خودا لەسەر زمانی کچی شەیخە گەورەکە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ خَيۡرَ مَنِ ٱسۡتَـٔۡجَرۡتَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡأَمِينُ ٢٦ ﴾ القصص: ٢٦ }. و هیچ پێغەمبەرێک وەسف نەکراوە لە قورئاندا ڕێکی و دامەزراوی لە پاش ئەوەی پێگەیشت و بالغ بوو جگە لە موسا ، ﴿وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسۡتَوَىٰٓ ءَاتَيۡنَٰهُ حُكۡمٗا وَعِلۡمٗاۚ ﴾ القصص: ١٤. |

## له تایبەتمەندیە خولقیەکانی:

١. ئارامگرتنێکی زۆر: ((رەحمەتی خوا لە موسا بێت ، لەمە زیاتر ئازار و ئەشکەنجە درا ، کەچی هەر ئارامی گرت)).

٢. فراوانی زانست: ((رۆژێک موسا لە ناو قەومەکەیدا وتاری دەدا ، بە ئەوانی فەرموو : لە سەر زەویدا هیچ کەسێک نییە لە من زاناتر بێت )).

٣. پشت بەستن بە خوای گەورە : ﴿ عَسَىٰ رَبِّيٓ أَن يَهۡدِيَنِي سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ٢٢ ﴾ القصص}.

٤. هێز لە عەقڵ و جەستە و دەستپاکیدا : ﴿ إِنَّ خَيۡرَ مَنِ ٱسۡتَـٔۡجَرۡتَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡأَمِينُ ٢٦ ﴾ القصص }.

٥. سنگ فراوانی : ﴿ قَالَ رَبِّ ٱشۡرَحۡ لِي صَدۡرِي ٢٥ ﴾ طه}.

٦. شەهامەت و پیاوەتی و دەسپێشخەری بۆ خزمەت کردنی جگە لەخۆی:

﴿ فَسَقَىٰ لَهُمَا ﴾ القصص: ٢٤ }.

٧. پەیمان بردنەسەر : ﴿ فَلَمَّا قَضَىٰ مُوسَى ٱلۡأَجَلَ ﴾ القصص: ٢٩ }.

٨. سەرخستنی ستەملێکراو: هەروەک لەو چیرۆکەدا هاتووە کەوا موسا مشتەکۆڵەیەکی لێیدا ئەویش مرد .

٩. خۆبەکەمزانین و دانان بە چاکەی خەڵکی بەسەریەوە ، و سووربوون لەسەر داواکردنی زانست: ﴿ عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمۡتَ رُشۡدٗا ٦٦ ﴾ الكهف}.

١٠. بەهێزی بەڵگە و لۆژیک لە بانگەوازدا، و پلەبەندی لە بانگەوازدا.

١١. گەڕانەوەی بۆ لای خوا: ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّي ظَلَمۡتُ نَفۡسِي فَٱغۡفِرۡ لِي ﴾ القصص}.

١٢. خۆدانەپاڵ خودا و متمانەی پێی و بە سەرکەوتن: ﴿ قَالَ كَلَّآۖ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهۡدِينِ ٦٢ ﴾ الشعراء}.

١٣. نەرمونیانی و میهرەبانی: ﴿ فَأَرۡسِلۡ مَعَنَا بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَلَا تُعَذِّبۡهُمۡۖ ﴾ طه: ٤٧ }.

١٤. تووڕەیی ئەگەر سنورەکانی خودا ببەزێنرێت: ﴿ فَرَجَعَ مُوسَىٰٓ إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ غَضۡبَٰنَ أَسِفٗاۚ ﴾ طه: ٨٦ }.

١٥. خێرایی لە بڕیاردان: ﴿ فَخَرَجَ مِنۡهَا خَآئِفٗا يَتَرَقَّبُۖ ﴾ القصص: ٢١ }.

| | |
|---|---|
| له تایبەتمەندیە خولقیەكانی: | ١٦. بەهێزیی لە نیشاندانی حەقدا: ﴿ وَإِنِّي لَأَظُنُّكَ يَـٰفِرۡعَوۡنُ مَثۡبُورٗا ١٠٢ ﴾ الإسراء}.<br>١٧. هەستكردنی بە قەبارەی بەرپرسیارێتی: ﴿ وَٱجۡعَل لِّي وَزِيرٗا مِّنۡ أَهۡلِي ٢٩ هَٰرُونَ أَخِي ٣٠ ٱشۡدُدۡ بِهِۦٓ أَزۡرِي ٣١ ﴾ طه}.<br>١٨. دونیا نەویستی و هەڵبژاردنی دواڕۆژ: ﴿ فَقَالَ رَبِّ إِنِّي لِمَآ أَنزَلۡتَ إِلَيَّ مِنۡ خَيۡرٖ فَقِيرٞ ٢٤ ﴾ القصص}.<br>١٩. قەبوڵكردنی ئامۆژگاری: ﴿ فَٱخۡرُجۡ إِنِّي لَكَ مِنَ ٱلنَّـٰصِحِينَ ٢٠ ﴾ القصص}.<br>٢٠. زۆر شەرمنی: ((موسا پیاوێكی زۆر شەرمۆک بووە و هەردەم داپۆشراو بووە ، هیچ بەشێی پێستی نەدەبینرا لەبەر شەرمی خۆی)). |
| له تایبەتمەندی ئوممەتەكەی: | ١. موسا نێردرا بۆ دوو گەل: گەلی قیبت لەگەڵ فیرعەون، و گەلی بەنی ئیسرائیل لەدوای لەناوچوونی فیرعەون.<br>٢. ئەو دواهەمینی پێغەمبەرانە كە خودا گەلەكانی لەناوبردوون، خودا دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا مُوسَى ٱلۡكِتَٰبَ مِنۢ بَعۡدِ مَآ أَهۡلَكۡنَا ٱلۡقُرُونَ ٱلۡأُولَىٰ ﴾ القصص: ٤٣ }، ئیبن كثیر لە تەفسیرەكەیدا (٢٣٩\١٦) دەفەرموێت: (واتە: لە پاش دابەزاندنی تەورات هیچ گەلێكی بە گشتگیری سزا نەدراون).<br>٣. پێغەمبەرێكە زۆرترین شوێنكەوتەی هەیە لە دوای پێغەمبەری خۆمان، پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: ((ئینجا خەڵكێكی زۆرم پیشان درا ، وتم : ئەمە چییە؟ ئەمە ئوممەتەكەی منە ؟ وتیان : ئەمە موسا و قەومەكەیەتی)). |
| خودا گەورە دڵنەوایی كردووە و بێتاوانی ئەوی سەلماند : | خودا گەورە دڵنەوایی كردووە و دەفەرموێت: ﴿ وَكُذِّبَ مُوسَىٰ ﴾ الحج: ٤٤ }.<br>و بێتاوانی ئەوی سەلماند بە ئایەتی: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوۡاْ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُواْۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهٗا ٦٩ ﴾ الأحزاب: ٦٩ }. |

| | |
|---|---|
| چیرۆکەکانی لە قورئاندا: | زۆرترین پێغەمبەرە لە قورئاندا ناوی هاتبێت ، ١٣٦ جار باسکراوە، و لە ٣٤ سورەتدا.<br><br>و لەو سورەتانەی کە بەزۆری تیایدا باسکراوە: سورەتی "الأعراف" (٢١ جار)، و سورەتی "القصص" (١٨ جار)، و سورەتی "طه" (١٧ جار).<br><br>هۆکاری زۆر دووبارەبوونەوەی چیرۆکەکەی: بەهێزیی بەڵگە تێیدا، و زۆری نیشانەکانی، و سەختی خۆبەزلزانین و کەللەڕەقی و ستەمکاری فیرعەون، ئیبن سەعدی لە تەفسیرەکەیدا (ل ٤٥٣) دەفەرموێت: (زۆرجار خودای گەورە پەیوەستبوون دەکات لەنێوان پێغەمبەرایەتی محمد و پێغەمبەرایەتی موسا، و لەنێوان کتێبەکەیاندا و شەریعەتەکەیاندا؛ چونکە کتێبەکانیان باشترینی کتێبەکانن، و شەریعەتەکانیان تەواوترینی شەریعەتەکانن، و پێغەمبەرایەتیەکەیان بەرزترینی پێغەمبەرایەتیە، و شوێنکەوتووانی زۆرترینی ئیماندارانن). |
| هاوسەرگیریەکەی : | موسا دە ساڵی لە تەمەنی شەریفی بەسەربرد بۆ مارەیی کچەکەی شوعەیب، ﴿ قَالَ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَنۡ أُنكِحَكَ إِحۡدَى ٱبۡنَتَيَّ هَٰتَيۡنِ عَلَىٰٓ أَن تَأۡجُرَنِي ثَمَٰنِيَ حِجَجٖۖ فَإِنۡ أَتۡمَمۡتَ عَشۡرٗا فَمِنۡ عِندِكَۖ ﴾ القصص: ٢٧ {، ئیبن الجوزی لە کتێبی "صید الخاطر" (ل ٤٠) دەفەرموێت: (ئەگەر هاوسەرگیری لە باشترینی شتەکان نەبووبێت ئەوا زۆرینەی کاتی پێغەمبەران لەوەدا بەسەر نەدەچوو). |
| پوختەی چیرۆکەکەی لە قورئاندا (بەڕێکخراوی) : | ١. دایکی بە کۆرپەیی دەیخاتە نێو ڕووبارەکەوە، و ڕزگاربوونی، و چوونە نێو کۆشکی فیرعەون.<br>٢. پێگەیشتنی، و کوشتنی کەسێک لە گەلەکەی فیرعەون، و هەڵهاتنی لە میسر.<br>٣. بەیەک گەیشتنە پیرۆزەکە لە مەدیەن.<br>٤. بەسەربردنی کاتەکەی و گەڕانەوەی بۆ میسر.<br>٥. هاتنی بۆ دۆڵی پیرۆزی "طوی". ٦. ڕووبەڕووبوونەوەی فیرعەون.<br>٧. چیرۆکەکەی لە گەڵ ساحیرەکاندا، و دەرچوونی لەگەڵ بەنی ئیسرائیل لە میسر.<br>٨. دیداری لەگەڵ بەندە ساڵیحەکە (الخضر).<br>٩. چیرۆکەکەی لەگەڵ "السامری" و پەرستنی گوێرەکەیەک لە لایەن گەلەکەیەوە.<br>١٠. چیرۆکەکەی لەگەڵ قارون. ١١.چیرۆکی مانگاکە. |

## چیرۆكێكی سەیر:

پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: ئایا ئەوەندەی پیرەژنەكەی نەوەكانی ئیسرائیلتان لەدەست نایەت؟ پرسیاریان دەربارەی لێی كرد ئەویش فەرمووی: موسا (علیه السلام) كاتێ شەورەوی كرد بە نەوەكانی ئیسرائیل لە میسرەوە ڕێگاكەیان ون كرد، فەرمووی: ئەوە چییە؟ زاناكانیان وتیان: یوسف (علیه السلام) لەسەرەمەرگدا پەیمانی لێ وەرگرتین بە خوا لە میسر دەرنەچین هەتا ئێسكەكانی لەگەڵ خۆمان نەبەین، فەرمووی: كێ شوێنی گۆڕەكەی دەزانێ، وتی: پیرەژنێك لە نەوەكانی ئیسرائیل، نێردراوی نارد بۆ لای پیرەژنەكەو ئەویش هات بۆ لای، فەرمووی: گۆڕەكەی یوسفم پیشان بدە، وتی: هەتا داواكاریەكەم جێبەجێ دەكەی، فەرمووی: داواكاریەكەت چیە؟ وتی: لەبەهەشتدا لەگەڵتدا بم، پێی ناخۆش بوو ئەوەی پێ ببەخشێ، خوا وەحی بۆی نارد داواكاریەكەی جێبەجێ بكە، پیرەژنەكە بردیانی بۆ لای دەریاچەیەك , جێگای زەلكاوی ئاو، وتی: ئەم ئاوە لابەن ئەوانیش لایان برد، وتی: چاڵ بكەن , ئەوانیش چاڵیان كرد، ئێسكەكانی یوسفیان دەرهێنا , كاتێ هێنایانە سەر زەوی ڕێگاكە وەكو ڕۆشنایی ڕۆژ ڕونبوویەوە.) أخرجه ابن حبان والحاكم وصححه الالبانی.

## وەسفی ئیبن قەیم بۆ یەهود:

له كتێبی "هداية الحيارى" (ل ٨) فەرموویەتی: (جا گەلی "لێ توورەبوو" یەهودە كە ئەهلی درۆ، و بوهتان، غەدر، و فێڵ، و تەڵەكەن ، بكوژی پێغەمبەران، و سوحت-خۆرن —كە ئەوەش ڕیبا و ڕەشوەیە-، پیسترینی گەلانی رابوردوون، نزمترین تەبیعەتیان هەیە، و دوورترینیانن لە میهرەبانی خودا، و نزیكترینیان لە تۆڵەو سزای خوداوە، بوغز لە عادات و نەریتیانە، وە عادەت و ڕەوشتیان دوژمنایەتی و دووبەرەكییە، ماڵی جادوو و درۆ و تەڵەكەن، وا نابینن بەرانبەر ئەوانەی جیاوازن لە گەڵیاندا لە كوفر و درۆكردنەكەیاندا بە پێغەمبەران هیچ حورمەتێكان هەبێت، بەرانبەر بە ئیماندار رەچاوی هیچ شتێك ناكەن نە خزمایەتی و نە بەڵێن و نە پەیمان، وە بەرانبەر بەوانەی هاودەنگیانن هیچ ماف و سۆز و بەزەییكیان نییە، وە بەرانبەر بەوانەی هاوبەشیانن هیچ دادپەروەری و ئینصافێكیان نییە، وە بەرانبەر بەوانەی تێكەڵیان دەبن هیچ ئەمان و دڵنیاییەكیان نییە، وە بەرانبەر بەوانەی بە كاریان دەهێنن هیچ ئامۆژگارییەكیان نییە، بەڵكو پیسترینیان: ژیرەكەیانە، وە وریاترینیان: سەختەچیەكەیانە، وە ناوچاو پاك -حاشا لە ناویاندا نییە- ئەگەر بوو ئەوە لە حەقیقەتدا یەهودی نییە، لە هەموو كەسێك سنگ تەنگترن و تاریكترین ماڵیان هەیە، بۆگەنترین ماڵ و حەوشەیان هەیە، ناخۆشترین تەبیعەتیان هەیە، سەلام كردنەكەیان لەعنەتە، وە گەیشتن بەوان شوومییە، دروشمیان: توورەییە، پۆشاكیان رق و كینەیە.